دەڕۆم، ئیدی پێوپلم نایەشێن، دوێنی شەو خەونێکم بینی، لەخەونمدا مەریەمی پاکیژە منالّەکەی لە ئامێزی مندا بوو!"

لەتەواوی گوندەکانی ئەو دەوروبەرەوە جوتیاران هاتبوون و بەمەشخەلّی هەلاّیساوەوە کۆبببوونەوە، تەواوی دارستانەکە ڕووناکببۆوە، پێشوەخت ئەشکەوتەکە جمەی دەهات لەخەلّکیی. فرانسیسکۆس دانەوێوەو چووە ژووریّ و برایانیش لەدوایەوە. ئاخوڕەکە کەوتبووە پشتەوەی ئەشکەوتەکەوەو پۆشرابوو بە کا، گایەك و گوێدرێژێکی چکۆلّەش بەئارامیی لەویّ ڕاوەستابوون، لەخواردن ببوونەوەو هەنووکە کاوێژیان دەکرد. باوکە سیلڤێستێر لەبەردەم ئاخوڕەکەدا، وەك بلّێی لەبەردەم میحرابدا ڕاوەستابیّ، کەوتە نزا خوێندن. لەمیانەی خوێندنەوەی ئینجیلدا، کاتێك گەیشتە پەیڤی ( وە کاتێك وی کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قوماتی کردو لە ئاخوڕەکەدا داینا .....) وایگوت و تیشکێکی شین ژوور ئاخوڕەکەی پۆشیی و ئیدی هەمووومان بینیمان کە فرانسیسکۆس دانەوێوەو ساوایەکی بەرزکردەوەو لە باوەشیگرت.

ئانتۆنیۆ تۆ ڕاستدەکەیت، ماسییەکان دەنگی تۆیان ژنەفت، ئەی ئیتر ئێمە چۆن دەبێ نەیژنەفین؟ بڕۆو ڕێنوێنمانبە!)

ئیدی ئانتۆنیۆ لەپێشەوە ڕۆیشت و ئێمەیش هەمووومان بە خۆشحالێی بۆ ڕیمینی گەڕاینەوە، چووینە کلێساو سوپاسی خودامان کرد."

ئەو قسانە ئارەقەیان بە کێدرۆ کردبۆوە. وەك ماسییەك کە هەر ئەلعان لە زەریاوە هاتبێتە دەرێ، جەستەی بریقەیدەدایەوە.

فرانسیسکۆس بە وروژاویی دەستی هەڵبڕی. گوتی:" سوپاس بۆ خودا، من دەمرم و یەکێکیتر لەدایکدەبێ، نەمرە تۆوی خودا لەسەر عەرد. من ئیتر لەوەندە زیاتر ناتوانم، ڕوناکیی چاوانم کوژاونەتەوە، وەك خۆرێك ڕوو لە ئاوابوونم. بەلاّم ئەو جحێلّە، تژییە لە گوڕو شادومانیی و ئاگر، ئەو خۆرێکە کە هەلّدێ، سلاّوی لێبکەن!"

ئەوجا دەستی بەرەو ڕیمینی هەڵبڕی.

- " برا ئانتۆنیۆ سەرکەوتوو بیت، بە بەرەکەتی منەوە بەرەو ئەو جێگایانە بچۆ کە من نەمتوانیوە بچم!"

